حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی )

بەناوی خودای گەورە

بابەت:ئابووری / کات : ٣:٠٠ کاتژمێر

**وەڵامی نموونەیی**

ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤- ٢٠٢٥ خولی یەکەم

SN: 000001

پەنجەمۆر

**A**

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان...... .......... .لەگەڵ ئاستی گشتی نرخی شمەك و کارگوزارییەکان:

A- سەرجەمی داهات B- قازانجی گشتی C- بەهای پارە D- خەرجی تایبەتی

٢. بەرزبوونەوەی نرخی هەندێ کەرەستەی خاو بە شێوەیەکی کتو پڕ، دبێتە هۆی دەرکەوتنی:

A- هەڵاوسانی هێنراو B- هەڵاوسانی تێچوون C- هەڵاوسانی خواست D- هەڵاوسانی بەخێرایی زیادبوو

٣. کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی داکشانەوە، چونکە دەبێتە هۆی هاندانی کەرتی تایبەت بۆ قەرزکردن و فراوانکردنی وەبەرهێنان و دامەزراندنی کارگەی نوێ :

A- کەمکردنەوەی خەرجی میری B- زیادکردنی باجەکان C- کەمکردنەوەی نرخی سوو D- کرداری بازاڕی کراوە

٤. (کشتوکاڵ و کارەباو دامەزراندن و بینا دروستکردن ) سەر بەکام کەرتە لە پێکهێنەرەکانی داهاتی نەتەوەیی:

A- کەرتی شمەك ئامێز B- کەرتی کارگوزاری C- کەرتی بەکاربردن D- کەرتی دابەشکردن

٥. دارایی گشتی هەڵدەستێت بە هێنانەدی ئەرکی سەقامگیرکردن لە ڕێگەی:

A- گۆڕینی تێکڕایی باج B- ئارەزوو بوون بۆ وەبەرهێنان C- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا D- هێنانەدی خستنە گەڕی تەواوەتی

٦. پێویستە ئاستی خەرجییەکان بەرزبکرێتەوە تا بگاتە ئاستی داهاتی نەتەوە، لە کاتی چارەسەرکردنی:

A- کەلێنی داکشانەوە B- کورت هێنانی نەختینەیی
C- کەلێنی هەڵاوسان D- ئاستەنگەکانی حسابکردنی بەرهەمی ناوخۆ

٧. بە پێی بۆچوونی دووەم بارگۆڕانی ئابووری دروست دەبێت بەهۆی:

A- خراپ دابەشکردنی داهات و سامان B- فراوانبوونی وەبەرهێنان C- کەمی خواستی هەمووەکی D- نزمی کاری بەرهەمهێنان

٨. بەرهەمهێنانی هەندێك کارگوزاری لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە بەکاردەهێنرێت بێ ئەوەی بچێتە بازاڕو بەهاکەی دیاری بکرێت یەکێکە لە :

A- ڕێگاکانی حسابکردنی داهاتی نەتەوەیی B- پێکهێنەرەکانی داهاتی نەتەوەیی
C- ئاستەنگەکانی حسابکردنی بەرهەمی ناوخۆ D- هۆکارەکانی بارگۆڕانی ئابووری

٩. ئەو لێکۆڵینەوانەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەنجام دراون ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە .................... هۆکارێکە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی ئابووری:

A- بڕو جۆری دەرامەتە ئابوورییەکان B- وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی
C- سەقامگیری ڕامیاری D- ئاستی خستنەگەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان

١٠. ڕۆڵێکی سەرەکییەکە کەرتی (کار) لە چالاکی بەرهەمهێناندا دەیبینن:

A- کڕین و بەکاربردنی شمەك کارگوزارییە بەرهەمهێنراوەکان B- خستنە گەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان
C- بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکان و فرۆشتنیان D- ( B وC ) ڕاستن

١١. بە شێوەیەکی گشتی ئەوە دەگەیەنێت کە میری هەڵدەستێت بە نەخشەدانان بۆ خەرجیەکان و دابینکردنی ڕێگەکانی پارەدارکردنیان:

A- ڕامیاری دارایی B- ڕامیاری بازرگانی C- ڕامیاری نرخ D- ڕامیاری نەختینەیی

١٢. لە قۆناغی............ وا پێویستە دەسهاتی گشتی و خەرجی گشتی پێشبینیکراو بۆ ماوەی ساڵی دارایی داهاتوو دیاری بکرێ :

A- جێبەجێکردن B- چاودێری و پێداچوونەوە C- ئامادەکردن و خۆسازدان D- هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن

١٣. لە پێداویستییەکانی ڕامیاری کشتوکاڵە :

A-بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمداری دەرامەتە ئابوورییەکان B- گەیشتن بە ئاستی خستنەگەڕی تەواوەتی
C- دابینکردنی پێداویستییەکانی کەرتی پیشەسازی D- پێویستە لەلایەن دەسەڵاتێکی میری یان نیمچە میرییەوە دەرکرابێت

١٤. هەڵاوسانی نەختینەیی دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ڕوو لە زیادی نرخی شمەك و کارگوزارییەکان و هەڵاوسانی .........دروست دەکات:

A- تێچوون B- سەرکێش C- خواست D- هێنراو

١٥. فراوانبوونی............ کاردەکاتە سەر پەرەسەندنی بازاڕی نەختینەی و دارایی ،وە هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە لە هۆکارەکانی پەرەپێدانی ئابووری لە میانەی ئابووری بازاڕدا :

A- قەرزی گشتی B- باج C- خەرجی گشتی D- داهاتی گشتی

١٦. چاودێریە لەسەر خەرجی و دەسهاتی گشتی (باج و ڕەسم ) تا دڵنیا بین لەوەی کە لایەنی بەڕێوەبردن کارەکانی بەباشی بەڕێوە بردووە:

A- چاودێری بێ لایەن B- چاودێری پەرلەمان C- چاودێری خۆیەتی D- چاودێری سەردەمیانە

١٧. بریتییە لە ڕێژەی باج لە دەفری باجەکە و بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ:

A- سەرچاوەی باج B- دەفری باج C- باجی ڕاستەوخۆ D- نرخی باج

١٨. پشت بەو دەستە دەبەستێ کە بە پڕکردنەوەی پێداویستییە گستییەکە هەڵدەستێ نەك بە خودی پێداویستیەکە، یەکێکە لە پێوەرەکانی دارایی گشتی بۆ دیاریکردنی سروشتی پێداویستییە گشتییەکان لە لایەنی:

A- ڕۆڵی کۆنی دەوڵەت B- هەستکردن بە پێداویستییەکان
C- ئەولایەنەی هەڵدەستێ بە پڕکردنەوەکە D- گەورەترین کەڵك و سوود بە کەمترین تێچوون

١٩. گۆڕانکاری لە داهاتی نەختینەیی یەکێکە لە هۆکارەکانی:

A- لاسەنگی تەرازووی پارەدان B- هاوسەنگی تەرازووی پارەدان
C- دروستبوونی بازرگانی دەرەکی D- دروسبوونی پسپۆڕبوونی نێودەوڵەتی

٢٠. بەرزبوونەوەی تێکڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاك لە کۆمەڵگە و زیادبوونی خواست لەسەر شمەك و خزمەتگوزارییەکان، دیاردەی زیادبوونی خەرجی گشتییە بە هۆکاری:

A- ڕامیارییە ناوخۆییەکان B- ئابووری C- ڕامیاری دەرەکی D- کارگێڕی

٢١. مەبەست لە دەرامەتی دارایی جانتای دەوڵەتە لە پشك و قەباڵەکان کە دەسهاتێکی دارایی بۆ دەستەبەردەکات، وەکو:

A- قازانج لە کڕین و فرۆشتنی پرۆژەکانی گواستنەوە B- قازانج لە فرۆشتنی زەوییەکانی موڵکی دەوڵەت
C- قازانج لە کڕین و فرۆشتنی کاغەزە داراییەکان D- قازانج لە فرۆشتنی دەرامەتە سروشتییەکان

٢٢. مانای فراوان و بەربڵاوی دواکەوتوویی بریتییە لەنزمی سەرمایەی تاکەکەس و نزمی ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری و نزمی ئاستی بەکاربردن، بە گوێرەی ڕای ئابووریناس:

A- نرکسە B-ئادەم سمث C-دیڤید ڕیکاردۆ D- تۆدارۆ

٢٣. مەبەست لەم ڕێسایە ئەوەیە خەرجییەکان بە شێوەیەکی دروست ئاڕاستە بکرێن و دژایەتی زێدە خەرجکردن و بە فیڕۆدان بکرێ:

A- کەڵکی تێچوون B- ئابوورییانە لە خەرجکردن C- سەرلەبەری بودجە D- ڕێگە پێدان

٢٤. کاتێك کورتهێنان دێتە ئاراوە دەوڵەت بۆ هاوسەنگکردنی بودجە پەنا دەبات بۆ:

A- بەکارهێنانی یەدەگەکانی B- دەرکردنی پارەی تازە C- قەرزی ناوخۆو دەرەکی D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٢٥. لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی خەرجی یاخود دەسهات بەڕێوە دەچێت بۆ ئەوەی هەر ماوەیەکی ژمێریاری تەنها بەخەرجی و دەسهاتەوە دیاری بکات :

A- پرۆژە تایبەتییەکان B- پرۆژە گشتییەکان C-پرۆژە ستراتیژییەکان D- ( B و C ) ڕاستن

٢٦. دەرفەت بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەڕەخسێنێت تا لە دەوڵەتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکان قەرزیان دەست بکەوێت:

A- رامیاری نەختینەیی B- ڕامیاری دارایی C- بازرگانی دەرەکی D-بازرگانی ناوخۆ

٢٧. لەم حسابە دا هەموو ئەو مامەڵە نێو دەوڵەتی یانە تۆمار دەکرێت کە پێك دێت لە( پشك و قەباڵەو دراو و بە بانك سپاردەکان ):

A- حسابی زێڕی نەختینەیی B- حسابی سەرمایە C- حسابی بەگەڕ D- تەرازووی بازرگانی

٢٨. ناچونیەکی لە بڕی سەرمایی بەردەست یەکێکە لە هۆکارەکانی:

A-دامەزراندنی پسپۆڕبوونی نێو دەوڵەتی	B- لاسەنگی تەرازووی پارەدان

C- هاوسەنگی تەرازووی پارەدان	D- کورت هێنانی دارایی

٢٩. بریتییە لە بڕێك پارەی نەگۆڕ دەخرێتە سەر یەکەیەکی ئەو شمەکە ، وەك ئەوەی بڕی باجەکە (٥ دۆلار) بێت بۆ هەر مەترە قوماشێکی هێنراو:

A- باج بە پێی جۆر	B- باج بە پێی بەها	C- باجی بەناو	D- باجی هەڵکشاو

٣٠. بەیەکەم کەس دادەنرێت کە بیردۆزێکی تایبەت بە هاوسەنگکردنی هەر لەخۆوەی بۆ تەرازووی پارەدان داڕشتووە:

A- تۆدارۆ	B- ئە نجل	C- نرکسە	D- دیڤید هیوم

٣١. بە شێوەیەکی بەرفراوان دەرکەوت کە پێشتر جیهان بەخۆوەی نەدیبوو ئەمەش پاش قەیرانە ئابوورییە گەورەکەی جیهان لە ماوەی ساڵانی(١٩٢٩-١٩٣٣):

A- نرخی دراوگۆڕنەوەی جێگیر	B- نرخی دراوگۆڕینەوەی نەرم

C- سیستەمی چاودێریکردنی گۆڕینەوەی دراو	D- کرداری هاوسەنگکردنی دراوگۆڕینەوە

٣٢. نەخوێندەواری دەبێتە هۆی لەدەستدانی هۆشیاری تەندروستی و زیادبوونی پیسبوونی ژینگەو بڵاوبوونەوەی دەرد و نەخۆشی لە وڵاتانی دواکەوتوو، یەکێکە لە دەرئە نجامەکانی:

A- بڵاوبوونەوەی بێکاری	B- دواکەوتوویی پەیکەر بەندی کۆمەڵایەتی	C- پاشکۆیەتی ئابووری	D- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان

٣٣. بوونی باری کێبڕکێی تەواوەتی و نەبوونی بەربەستی گومرگی لە نێوان دوو دەوڵەتدا لە بازرگانی دەرەکی، لە گریمانەکانی بیردۆزی:

A- تێچوونە ڕێژەییەکانە	B- تێچوونە ڕەهاکانە	C- قوتا بخانەی نوێیە	D- قوتا بخانە پەیکەربەندییەکانە

٣٤. ئەو ڕامیاریەیەکە یارمەتی گواستنەوەی بنەماکانی بەرهەمهێنان دەدات لە نێوان دەوڵەتاندا بە تایبەتی گواستنەوەی دەستی کارو سەرمایە:

A- پاراستنی بازرگانی	B- سەربەستی بازرگانی	C- سیستەمی مۆڵەتی هێنراو	D- سیستەمی بەشکاری

٣٥. لە گرنگترین ئەو شێوازانەن کە شارەزایانی پلان دانان پەنایان بردە بەر پیادەکردنی، بۆ نەخشەکێشانی باشترین ڕێگا تا بەهۆیەوە بگەنە هێنانەدی ئاما نجە بەئاوات خوازراوەکان:

A- نموونە ئابوورییەکان	B- بودجە ئابوورییەکان	C- حسابە نەتەوەییەکان	D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٣٦. بیری ئابووری کۆن ڕووی کردە دۆزینەوەی هۆکارە شاراوەکانی پشتەوەی پەرەسەندن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە داهاتی نەتەوەیی، لە پاش:

A- جەنگی جیهانی یەکەم	B- جەنگی جیهانی دووەم	C- شۆڕشی پیشەسازی	D- پرۆژەی مارشاڵ

٣٧. بەداهاتی پوخت دادەنرێن و سەرچاوەیەکی گرنگن لە کرداری پێکهێنانی سەرمایەدا کە هاوبەشە لە کرداری پەرەسەندن:

A- موڵکانەو کرێ	B- موڵکانە و سوو	C- موڵکانەو سوو و کرێ	D- کرێ وسوو

٣٨. لە ڕووی تیۆرییەوە ئەگەر ژمارەیەکی زۆری کارکەران لە کەرتی کشتوکاڵ وازیان هێنا کاریگەری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان نابێت:

A- بێکاری شاراوە	B- بێکاری کراوە	C- بێکاری وەرزی	D- بێکاری بەردەوام

٣٩. لە قۆناغی باجی پێوانەیی ئەم جۆرە باجە بەدی دەکرێت:

A- ڕێژەیی	B- ڕاستەوخۆ	C- بە پێی بەها	D- بە پێی جۆر

٤٠. ڕێگاوبان و کارەباو پاڵاوگەکانی ئاو و گەیاندن کە یارمەتی دەرن بۆ بەیەکەوەگرێدانی جموجۆڵە ئابوورییەکان لە پەرتووکە ئابوورییەکان ناسراوە بە:

A-پێکهێنانی سەرمایە	B- ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری	C- ڕەگەزی تەکنەلۆژیا	D- وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ

٤١. پلانی ئابووری سەرکەوتن مسۆگەر ناکات ئەگەر ئەم شێوازە لە لێکدانەوکانی نەگرێتە بەر:

A- هەماهەنگی	B- ڕیالیزمی	C- سەرتا پاگیری	D- بەردەوامیەتی

٤٢. تواناکان کەم دەبنەوە لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، یەکێکە لە کاریگەرییە خرا پەکانی.........لەسەر ئابووری:

A- گەشەکردنی دانیشتوان	B- بڵاوبوونەوەی بێکاری

C- پاشکۆیەتی ئابووری	D- دواکەوتوویی ئامرازو ڕێگاکانی بەرهەمهێنان

٤٣. کرداری پەرەپێدان لای..........لە شێوەی شە پۆلێکی نارێك و پێك دەڕوات، چونکە ئابووری سەرمایەداری تووشی بارگۆڕانی ئابووری دەبێت:

A- ئادەم سمث	B- جوزێف شۆمپیێتەر	C- دیڤید ریکاردۆ	D- کینز

٤٤. باج لەسەر بنەمای هاوکاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەکاتێکدا قەرز لەسەر بنەمای گرێبەست و ڕێککەوتن، جیاوازی نێوان قەرز و باجە لە لایەنی:

A- ویست	B- سروشتی دەسهات	C- تەرخانکردن	D- بەرامبەری

٤٥. پێناسە دەکرێت بەوەی کە سەرجەمی خواست و خستنەڕووی دراوە بیانییەکانە:

A- نرخی دراو گۆڕینەوە	B- نرخی دراو گۆڕینەوەی جێگیر	C- تەعویمی نا پاك	D- بازاڕی دراو گۆڕینەوەی بیانی

٤٦. بە خەرجی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و فێرکردن و چاودێری تەندروستی تاکەکان دەگوترێت خەرجی:

A- دارایی	B- کارگێڕی	C- ئابووری	D- کۆمەڵایەتی

٤٧. کام لەم دەسەواژانە ڕاستن:

A- لە سایەی سەربەستی بازرگانیدا دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی دامەزراوەو دەزگای قۆرخکاری قورسە.

B-پوختەی مامەڵەی دەرەکی = نێردراو + هێنراو.

C- دیوانی چاودێری دارایی لە عێراق نمونەی چاودێری یاسادانانە.

D- هەڵاوسان لاسەنگی لە تەرازووی پارەدان دروست دەکات و بەرەو سەررێژی دەبات.

٤٨. لە سایەی قوتا بخانەی نوێدا بۆتە ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی ڕامیاری دارایی، جگە لەئەرکە داراییەکەی میری بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەکاری دێنێ:

A- پێداویستی گشتی	B- دەسهاتی گشتی	C- قەرزی گشتی	D- خەرجی گشتی


٤٩. وێنە هێلکاریەکە نرخی دراوگۆڕینەوەی گۆڕاو (نەرم) نیشان دەدات لە وێنەکە بە ( چەماوەی دووەم ) دەوترێت:

A- چەماوەی سوودی سنوورەکی	B- چەماوەی لێکچوو	C- چەماوەی خواست	D- چەماوەی خستنەڕوو

٥٠. لە وێنە هێلکاریەکە ئەگەر نرخی دراو گۆڕینەوە لە (٤ دۆلار) بەرزبێتەوە بۆ (٦ دۆلار) دەبێتە هۆی :

A- زیادبوونی هەریەك لە بڕی خواست و بڕی خستنەڕوو	B- بەرزبوونەوەی بڕی خواست و کەمبوونەوەی بڕی خستنەڕوو

C- زیادبوونی بڕی خستنەڕوو و کەمبوونەوەی بڕی خواست	D- دابەزینی هەریەك لە بڕی خواست و بڕی خستنەڕوو




دیارکردنی نرخی دراو گۆڕینەوە